ڕاپۆرتی:كاروان كانەبی

# یانەی ئاڵا هەوڵ دەدا بگاتە ریزی پلەی نایاب

* * *

**یانەی وەرزشــی ئاڵا مێــژووی دامەزراندنی بۆ نۆ ســاڵ لەمەوبەر دەگەڕێتــەوە، لەگەڵ دامەزراندنیــدا چەندیــن ئەنجامــی باشــی بەدەستهێناوە. تیپی تۆپی پێی یانەكە دیارترین تیپی یانەیــە كەماوەی پێنج ســاڵە هەوڵدەدا بگاتە ڕیزی یانە پلە نایابەكانی كوردســتان، ئەمساڵ دەستەی كارگێڕی یانەكە تیپی لاوی دروست كردوە كەتەواوی یاریزانەكانی گەنجن. لە ئێســتادا یانەكە لەخولی پلە یەك بەشدارە، بەمەبەســتی زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم باسە ئەم دیمانەیەمان ئەنجامدا**

* * *

لــە بــارەی ئاســتی یانــە لــەم وەرزە و خۆئامادەكردنیان بۆخولــی پلە یەك تەها قــادری ڕاهێنــەری لاوی یانــەی ئاڵا لەمبارەیەوە گوتی «ئەمساڵ بێ گومان خولی پلــە یەك لــە ســاڵان بەهێزترە، چونكە یانەكان هەموویان هەوڵ بۆبەدەست هێنانی پلیتی سەركەوتن بۆخولی نایاب دەدەن. ئێمەش ئەمساڵ بە تیپێكی لاو بە شــێوەیەكی تــر خۆمان بۆململانێیەكانــی ئــەم وەرزە ئامادەكــردوە. ڕۆژانــەش خەریكــی خۆئامادەكردنین بۆیارییەكانــی داهاتــوو بــۆ ئــەوەی بتوانیــن ئەنجامێكــی شایســتەو ئاســتێكی بەرز پێشــكەش بكەیــن، لــە یارییەكانــی داهاتوودەمانــەوێ پارێــزگاری لەو ئاســتەی خۆمــان بكەین، كە لە چەند یاری رابردوو پێشــانمانداوە، گوتیشی لەئێستادا هیچ كێشەو گرفتێكمان نییە لە یانەی ئاڵا، ئیدارەی یانەكەمان هاوكاری باشی یاریزانان دەكات لەگشــت ڕوویەكەوە. یاریزانەكانمان تەنیا بەمووچە یاری دەكــەن. تیپێكی نوێین وتەواوی یاریزانەكمان ژمارەیان ٢٠یاریزانە، چوار یاریزانمان لەقەزای خەبات هاتوونە، ئەوانی تریش زۆربەی بەهاورێیەتی یاری دەكەن. هەموو هەولێكیشمان لــەم وەرزە تەنیا ســەركەوتنمانە بۆخولی نایابی كوردستان، هیواشمان زۆرە بڕواشمان بە یاریزانانی یانەكەمان هەیە كە ســەركەوین بۆخولی نایابی كوردستان، سوپاسی یەكێتی قوتابیانی كوردســتانیش دەكەین كەبەردەوام هاوكاری تیپەكەمانن.



بەرنامــە و پلانێكی چاكیشــمان داناوە بۆ تیپەكەمان بۆئەوەی لەم وەرزەدا سەربكەوین.

ســەنگەر عومەر یاریدەدەری ڕاهێنــەری یانــەی ئــاڵا لــەم بارەیەوە گوتی «ئاســتی خولی پلەیەكی كوردستان ئەمساڵ وەكو پارساڵ نییە، چونكە ئاستی یانەكان هەمووی وەكو یەكــە وتاڕادەیەك ئاســتیان لێك نزیكە، چەند یارییەك لە خولەكە ئەنجامدراوە ئاســتی یانەكان زۆر لێك نزیكە، دیارە وەكو پاڕ ســاڵ نییە خاوەنی پلەی یەكەم پارســاڵ بە ٣٣خاڵ سەركەوتووە، ئێســتا یارییەكان ئاستی باشتری بەخۆیەوە بینیوە بە بەراورد بە پارساڵ، ئاستی یانەی ئاڵا ئەمساڵ زۆر بەرزترە لە چاو ساڵانی تر، چونكە یاریزانەكانمان بەبێ گرێبەست تەنیا بە موچەیەكی مانگانە یارییەكی باش ئەنجام دەدەن. سوپاسی یاریزانەكانیش دەكەم، ڕاهێنەری یانەكەش هەوڵێكی زۆر لەگەڵ یاریزانان دەدات بۆئەوەی ئەنجامان هەبێت، ئەگەر گرێبەستمان پێیانبدایە وەكو ئێستاش یارییان دەكرد، گوتیشی ئێمە لەسەداســەد ناتوانیــن بەڵێنی ئەوە بدەین كە بۆخولی نایاب ســەربكەوین، بەڵام هەوڵی بەردەوام دەدەیــن بۆململانێیەكانی بەدەســت هێنانی پلیتی ســەركەوتن بۆپلــەی نایاب و لە ئێستاشدا یانەی ســیمێل وەكو ئێمە هەوڵی بــەردەوام دەدات بۆسەركەوتن، گوتیشــی لەم یاریانەی ماومانە دەبێت بەوردی یاریی بكەین، چونكە هەر یارییەك بۆ ئێمە بە یاری كۆتایی هەژماردەكرێت، چونكە ئەم خولە یەك قۆناغە، كێشەی ئێمەش نەبوونی تواناناییەكی دارایی باشــە بۆ یانەكەمان، بەڵام ئەوەش كاریگەری نییە لەسەر یاریزانەكانمان، ڕێژەی یاریزانەكانمان كەمــە چونكە لە ئێســتا هیــچ یاریزانێك بە خۆرایی یاری ناكات، ئێمە سوپاســیان دەكەین كەوا بەمشێوەیە یاریمان بۆدەكەن.





## تیروکەوانی سلێمانی دیارکرا

بەسەرپەرشتی یەکێتی تیروکەوانی سلێمانی،بەمەبەستی دەستنیشان کردنی هەڵبژاری تیروکەوانی شاری سلێمانی،بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانێتی تیروکەوانی هەڵبژاردەی شارەکانی عێراق کەوا بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگە لە شاری سلێمانی ئەنجامبدرێت. یەکێتی تیروکەوانی شارەکە پاڵەوانێتی تیروکەوانی بۆ هەریەك لە یانەکانی (سلێمانی،پێشمەرگەی سلێمانی، سیروانی نوێ، نەورۆز، کلدان، بەختیاری)بۆهەردوو ئاستی پێشکەوتووان ولاوان ئەنجامدا،لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد. ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

ئاستی لاوان

١-شکارکاوە-یانەی سلێمانی

٢-رێکان تۆفیق-یانەی سیروانی نوێ

٣-پێرس شێرزاد-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

ئاستی پێشکەوتوان

١-عیمادئازاد-یانەی سلێمانی

٢-هۆشمەندئەحمەد-یانەی سیروانی نوێ

٣-بڕوا سەلام-یانەی کلدان

لەکۆتایشدا ئەم شەش یاریزانە بۆهەڵبژاردەی تیروکەوانی شاری سلێمانی دەستنیشان کران.



## پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی بلیاردی کوردستان بوو

لە شاری هەولێر لە هۆڵی مۆزارت، بەسەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی بلیاردی کوردستان و بەبەشداری هەریەك لە یانەکانی (هەولێر، ئەکاد، خەبات، ئارارات، قەڵای تورکمان، پێشمەرگەی هەولێر، هێرش، شەقلاوە، هەندرێن، بروسك، سلێمانی، کلدان، پێنجوین، پێشمەرگەی سلێمانی، سەرچنار، دەربەندیخان، سیروانی نوێ، ئاشتی، نەورۆز، بابەگوڕگوڕ، سۆلاڤ، خاك، شۆریجە، ئاڵتون کۆپری، لەیلان، کەیوان، عومال، تەئاخی، سۆلاڤی نوێ) یانەی شارەکانی کوردستان .پاڵەوانێتی بلیاردی یانەکانی کوردستان ئەنجامدرا کە ماوەی سێ رۆژی خایاند، یارییەکانیش بەسیستەمی تۆپی سنۆکەر بە دوو دۆڕاندن بۆدەرەوە بەڕێوە چوو. دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و بروسك گەیشتنە یاری کۆتایی و لە ئەنجامیشدا یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە ئەنجامی (٣-٢)گێم یارییەکەی بردەوە کە ئاستێکی بەرزی بەخۆیەوە بینی . یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد.ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەیی خوارەوە بوو.

١-پێشمەرگەی سلێمانی،٢-بروسك،٣-سەرچنار،٤٣-بابە گوڕگوڕ لە کۆتایشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

## کەیوان و نیشتمان پلیتی خولی نایابیان بەدەستهێنا



بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تێنسی سەرزەوی کوردستان و بەبەشداری هەریەك لە یانەکانی (کەیەوان، نیشتمان، پیشەسازی، گوڵان، خانەقین، سۆران، هێرش، مەخموور، رانیە، لەیلان، گارە، شەقلاوە، زێرڤانی، تەئاخی) شارەکانی کوردستان. بۆماوەی ٣رۆژ پاڵەوانێتی تێنسی سەرزەوی یانەپلە یەکەکانی کوردستان ئەنجامدرا. رۆژانەش یارییەکان لەهەردوو یاریگای ئەکوا پارك وپێشەنگای ئۆتۆمبێل بەڕێوە دەچوون،لە پاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی هەر١٤یانە لە کێبڕکێ دابوون بۆبەدەست هێنانی دووپلیتی سەرکەوتن بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، دوای ئەنجامدانی چەندین یاریی هەردوو یاریزان محەمەد ساڵح لە یانەی کەیوان و عوسمان قادر لە یانەی نیشتمان گەیشتنە یاری کۆتایی،لە یاری کۆتاییشدا یاریزان محەمەدساڵح توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و یارییەکەش بە ئەنجامی (٢-٠)گێم یارییەکەی بردەوە و هەردوو یانەی کەیوان ونیشتمان گەیشتنە ریزی یانەپلە نایابەکانی کوردستان. شایەنی باسە یارییەکان بە سیتەمی یەك دۆڕان بۆ درەوە بوو .ئەمساڵیش ژمارەی یانەکانی خولی نایاب بووە١٢یانە. لەکۆتایشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.




## بەرشلۆنە یا ریال مەدرید کامەیان لالیگا بەدەست دێنن؟

پێش بەرێوەچوونی یاری کلاسیکۆ لە نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریال مەدرید گشت پێشبینییەکانی گەورە رۆژنامەکانی ئیسپانیا ئەوەبوو، کە لە وەرزی ئەمساڵ یانەی ریال مەدرید نازناوی لالیگا بە دەست دەهێنێت و تیپی ئەمساڵ زۆر بەهێزترە لە ساڵانی رابردوو، بەڵام دوای تەواوبوونی یاری کلاسیکۆ و سەرکەوتنی یانەی بەرشلۆنە بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ گشت ئەم پێشبینانەی پوچەڵ کردووە و بیروبۆچوونەکان ١٨٠ پلە گۆرا، بە پێی دوایین راپرسی، کە هەردوو رۆژنامەی مارکا و ئاس ئیسپانی ئەنجامیان داوە زۆربەی بەشداربووەکانی ئەم راپرسییە پێشبینی دەکەن لە وەرزی ئەمساڵ یانەی بەرشلۆنە ببێتە پاڵەوانی لالیگا، لە راپرسی رۆژنامەی مارکا-ی نزیك لە یانەی ریال مەدرید لە ٦٥٪ پێیان وایە یانەی بەرشلۆنە دەبێتە پاڵەوان و لە ٣٥٪ پێیان وایە یانەی ریال مەدرید نازناوەکە بە دەست دەهێنێت.

## گوتی: تەنیا رۆناڵدۆ هۆکاری دۆڕانی ریال مەدرید نییە

یاریزانی یانەی بێشکتاشی تورکی و پێشووی یانەی ریال مەدرید «گوتی» دەربارەی یاری کلاسیکۆ لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکان تەئکیدی لەوە کردووە، کە نابێت تەنیا رەخنە لە کریستیانۆ بگیرێت لە یاری کلاسیکۆ و گوتی: راستە کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە یاری کلاسیکۆ ئاستی وەکو پێویست نەبوو، بەڵام نابێت هۆکاری دۆڕاندن تەنیا بخرێتە پاڵ یاریزانێك ئەم شتێکی راست نییە.



لە درێژەی قسەکانیدا یاریزان «گوتی» ئاماژەی بەوەکرد: هۆکاری ئەم ئاست خراپی کریستیانۆ رۆناڵدۆ بۆ ئەم پاڵەپەستۆ گەورەیە دەگەرێتەوە، کە لەسەر یاریزانی ناوبراو هەبوو بە تایبەتی کاتێك، کە رووبەڕووی یاریزانی میسی دەبێتەوە.

دەربارەی یانەی داهاتووی یاریزان وتی: ئێستا چەند گرێبەستێکم لەبەر دەستدایە، بەڵام گرنگتریان گرێبەستێکم لە چین بۆهاتووە، رەنگە لە خولی چین یاری بکەم.



## یواکیم لۆف:

## بایرەن میونیخ دەتوانێت بگاتە ئاستی هەردوو یانەی ریال و بەرشلۆنە

راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یواکیم لۆف دوای تەواوبوونی یاری کلاسیکۆ لە لێدوانێکی تەئکیدی لەوە کردووە، کە یانەی بایرەن میونیخ دەتوانێت بگاتە ئاستی هەردوو یانەی زلهێزی جیهانی ریال و بەرشلۆنە.

یواکیم لۆف گوتی: تا ئێستا لەسەر ئاستی ئەوروپا هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریال مەدرید خاوەن باشترین ئاستن، لە ئەوروپا و سەیری چەند یارییەکی خولی ئینگلیزی-م کردووە، بەڵام نابێت یانەی بایرەن میونیخ لە یاد بکەین، کە دەتوانێت بەهەمان ئاستی ئەم دوو یانەیە یاری بکات.

لە درێژەی قسەکانیدا یواکیم لۆف ستایشی یاریزانی ئەڵمانی مسعود ئۆزێل دەکات گوتی: مسعود ئۆزیل باشترین یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی جیهانە.

## میرنگی و تۆپچییەکان رکابەری لەسەر یاریزانێکی فەرەنسی دەکەن

راهێنەری یانەی ئەرسناڵ ئارسن فینگەر گرنگی بە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی یانەی رین فەرەنسی بان مفیلا بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی زستانەی ئەم یاریزانە لە ریزی یانەی ئەرسناڵ یاری بکات.
لە وەرزی رابردوو ئارسن فینگەر بڕی ٢٠ ملیۆن جنیە ئەسترلینی پێشکەش یانـــەی لیل کرد، بەڵام ئەم گرێبەســـتە لە لایەن یانـــەی رین رەتکرایەوە و داوای ٣٠ ملیۆن جنیە ئەســـترلینی کرد، لە هەمان کا تـــدا یانەی رین تەئکیدی لەوە کردووە، کە دوای یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا ٢٠١٢ ئینجا دەستبەرداری ئەم یاریزانە دەبێت.
لە لایەکی ترەوە رۆژنامەی زی سەن بەریتانی بڵاوی کـــردەوە، کە یانەی ریال مەدرید گرنگی زۆر بە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانە دەدات بـــە تایبەتی راهێنەر جۆزیە مۆرینهۆ.



## سێ تیپ لە پێشبرکێ فۆرملا یەک کشانەوەی خۆیان راگەیاند

دوای ئەوەی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پێشبرکێیەکانی فۆرملا یەك (فوتا) چەند گۆڕانکارییەکی لە سیستەمی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتییەکان کرد بەتایبەتی لە چۆنییەتی ئامادەکردنی ئۆتۆمبێلەکان بۆ پێشـــبرکێیەکان، سێ تیپی سەرەکی ئەم پێشبرکێیە بەفەرمی کشانەوەی خۆیان راگەیاند، ئەویـــش هەریەکە لـــە تیپەکانی فیـــراری و رید بول و ســـاوبرا بوون، هۆکارەکاشی بەهۆی زۆری کارمەندانی تیپەکان لە کاتی بەڕێوەچوونی پێشـــبرکێیەکان و بودجەی تیپەکان لە کاتی بەڕێوەچوونی پێشبرکێیەکان دەگەڕێتەوە.






## ئەماوری لە خولی ئینگلیزی نزیکە

دوای گفتوگۆیەکـــی زۆر دەســـتەی کارگێڕی یانەی یۆڤنتـــوس بەفەرمـــی رەزامەندی خۆی نیشـــاندا، کە یاریزانـــی یانەی یۆڤانتۆس ئەماوری بچێتە ریزی یانەی تۆتنهام.
بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزان ئەمارۆی وتی: یانەی تۆتنهام گرنگی زۆر بە یاریزان ئەماوری دەدات بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی زستانە بچێتە ریزی یانەکەیان بۆ ئەوەی هێڵی هێرشبەری یانەکە بەهێزتر بێت.
لە لایەکی ترەوە بەڕێوەبەری گشتی یانەی یۆڤانتوس لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکان وتی: ئێمە حەز دەکەین ئاســـانکاری بۆ گواستنەوەی یاریزان ئەمارۆی بکەین بۆ یانەیەکی تـــر، بەڵام دەبێت یەکەم گفتوگۆ لەگـــەڵ یاریزانی ناوبراو بکەین بۆ ئەوەی گوێبیستی راوبۆچوونەکانیان بین بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەین.
جێگەی باسە ئەماوری لەساڵی ٢٠٠٨ بە بڕی ١٥,٣ ملیۆن یۆرۆ چووە ریزی یانەی یۆڤانتوس و لە ســـاڵی داهاتوو بەفەرمی گرێبەســـتی ئەماوری لەگەڵ یانەی یۆڤانتوس تەواو دەبێت

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## سەرۆکی یەکێتی جۆدۆی هەولێر:

# پێویستە کوڕان و کچان روو لە یارییە جەماوەرییەکان بکەن



**لە هەرێمی کوردستان یاری جۆدۆ پێشڤە چوونێکی بەرچاوی بەخۆی بینیووە، هەر بۆیە ئێمەش بەباشمانزانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز عەبدولخالق عەلی سەرۆکی یەکێتی جۆدۆی هەولێر بکەین.**

***بەرنامەی تازەتان چییە؟**

- بەرنامەی زۆرمان لەبەردەستدایە لەوانە بەشداریکردن لە خولەکانی عێراق و دەرەوە و بەشداریکردن و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر لە راهێنەرایەتی و ناوبژیوانی لەسەر ئاستی کوڕان وکچان .

*** ئەنجامە باشەکانتان چین ؟**

- پلەی دووەم لەسەر ئاستی کوردستان لەسەر ئاستی لاوان کە لەشاری سلێمانی ئەنجامدرا لە ٢٠١١/٧/٢٥

- پلەی یەکەم کە لەشاری دهۆك لە ٢٠١١/١١/١١ ئەنجامدرا

- بەدەستهێنانی چوار میدالیا لە وڵاتی ئێران لەسەر ئاستی کچان کە بەناوی یانەی ئارارات بەشداریمان کرد .

*** لە ئاستی یاری جۆدۆ رازیت ؟**

- بەراستی ئاستی ئەو یارییە باشە وەك ئەوەی کە تازە سەری هەڵدابێ. دەتوانم بڵێم شاری هەولێر لە پێشەنگی کوردستان دێت و ئاستی زۆر باشە .

*** هۆڵی تایبەتیتان هەیە ؟**

- بەڵێ لە هەولێر دوو هۆڵی تایبەتیمان هەیە، یەکێکیان لەبەرامبەر هۆڵی زەرد و ئەوی تریان لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر لە شوقەکانی هانا ستی و سوپاسیان دەکەین کە هاوکاریمان دەکەن .

*** تا چەند دەزگا وەرزشییەکان هاوکاریتان دەکەن ؟**

- ئەوەی هاوکاریمان دەکات، نووسینگەی یانە و یەکێتییەکانە، هەروەها حاجی هێرش تەیار و کاك تاهیر سابیر هاوکارییەکی تەواومان دەکەن .

*** تیپی تایبەت بە کچانتان هەیە ؟**

- بەڵی تیپێکی زۆر باشمان هەیە .

*** ئەنجامیان تا چەند دڵخۆشکەرە؟**

- تیپەکەمان تازەیە، تەنها یەك بەشداریمان کردووە، ئەویش لە وڵاتی ئێران کە چوار میدالیامان هێناوە .

*** چی بکرێ باشە بۆ پێشڤە چوونی ئەم یارییە ؟**

- کردنەوەی هۆڵ لە شار وشارۆچکەکانی کوردستان .

- کردنەوەی بەردەوام بۆ ڕاهێنەران و ناوبژیوانان لە دەردەوەی وڵات. هیواداریشم کچان و کوڕان روو بکەنە ئەو یارییە و هۆڵەکان ئاوەدان بکەنەوە.



# شاندێکی ئێران سەردانی یانەی هەولێری کرد

دوای ئەوەی شاندێکی وەزارتی پەروەردەی جەستیی وڵاتی ئێران بە داوەتنامەیەکی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی هەولێر سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان گەیشتنە شاری هەولێر بەمەبەستی نوێکردنەوەی پرۆتۆکۆلەکان، کە لە نێوان شاندی میوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان مۆرکرابوو.



شاندی میوان لە شاری هەولێر سەردانی هەریەکە لە یانەی ئەکاد و مەلەوانگەی داخراوییان کرد، دواتر سەردانی یانەی هەولێریان کرد، لە لایەن دکتۆر عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر پێشوازی لە شاندی میوان کرد، لەم سەردانە دکتۆر عەبدوڵلا مەجید خۆشحاڵی خۆی بۆ سەردانی ئەم شاندە بۆ یانەی هەولێر کرد و ئامادەیی یانەکەی نیشاندا لە پێشوازیکردنی هەر یانەیەکی ئێرانی بە مەبەستی کردنەوەی ئۆردوگای مەشقی یاخود ئەنجامدانی یاری دۆستانە یان بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە دۆستانەکان، کە لە شاری هەولێر ئەنجام بدرێت.

لە بەرانبەردا شاندی میوان خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بۆ ئەم پێشکەوتنە وەرزشییە، کە شاری هەولێر بەخۆیەوە بینیوە و هیوای خواست ئاستی وەرزش لە شاری هەولێر زیاتر پێش بکەوێت، دواتر شاندی میوان سەردانی یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری و یاریگەی دووەم و هۆڵی داخراوی شەهید فرانسۆ و هۆڵی یاری بەرزکردنەوەی قورساییان کرد، لە کۆتایی سەردانەکەیاندا دکتۆر عەبدوڵلا مەجید لۆگۆی یانەی هەولێر پێشکەشی شاندەکە کرد.

جێگەی باسە شاندی میوان لە نوێنەری وەزارەتی پەروەردەی جەستەیی ئێران و نوێنەری پارێزگاکانی ئازربایجانی رۆژهەڵات پێکهاتبوو و ماوەی سەردانەکە دوو رۆژ بوو و هەریەکە لە چیایی تیمۆر عەبدال بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان و مەحمود عەزیز و عەبدولرەحمان محەمەد و عەبدوڵلا کەریم و ئەحمەد یوسف یاوەری شاندەکە بوون.

# پاڵەوانێتی لەش جوانی بۆ یانەکانی هەولێر بەڕێوە دەچێت

وا بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە شاری هەولێر پاڵەوانێتی لەش جوانی بۆ یانەکانی شاری هەولێر و دەورووبەری بەڕێوە بچێت، لەم پاڵەوانێتیە ٩ یانە بەشداری دەکات ئەویش هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، پێشکەوتن، ئارارات، پێشمەرگەی هەولێر، بروسك، خەبات، کۆیە، شەقڵاوە، قەڵا) و ئەم پاڵەوانێتییە ٢٢ی مانگ دەست پێدەکات و دوو رۆژ دەخایەنێت و رکابەرییەکان لە هۆڵی رۆشنبیری بەڕێوە دەچێت.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتییە بەسەرپەرشتی یەکێتی لەش جوانی لقی هەولێر بەهاوکاری یەکێتی لەش جوانی کوردستان ئەنجام دەدرێت.



# قۆناغی سێیەمی پاڵەوانێتی پایسکلسواری کوردستان لە سلێمانی بەڕێوە دەچێت

یەکێتی پایسکلسواری کوردستان بەفەرمی بڕیاری دا لە ٢٢ی ئەم مانگە قۆناغی سێیەم و کۆتایی پاڵەوانێتی کوردستان بۆ پایسکلسواری لەسەر ئاستی کوڕان بۆ پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتووان و کچان لە شاری سلێمانی بەڕێوە بچێت و پاڵەوانێتییەکە ماوەی دوو رۆژ دەخایەنێت، ئەم پێشبڕکێیە لەسەر ئاستی پێشکەوتووان بۆ ماوەی (٦٠)کم بۆ تاکی گشتی و لەسەر ئاستی لاوان بۆ ماوەی (٥٠)کم بۆ تاکی گشتی و لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان بۆ (٣٥)کم بۆ تاکی گشتی و لەسەر ئاستی کچان بۆ ماوەی (٢٠)کم بۆ تاکی گشتی ئەنجام دەدرێت.

لە لێدوانێکی تایبەتدا عەبدولقادر نورەددین راهێنەری تیپی پایسکلسواری یانەی هەولێر گوتی: ئێمە بە باشی خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانێتییە ئامادە کردووە و هەوڵ دەدەین لە گشت ئاستەکان بە تایبەتی لەسەر ئاستی پێشکەوتووان پلەی یەکەم بە دەستبهێنین، هەرچەندە یاریزانێکمان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی یاری دەکات، بەڵام ئەمە نابێتە رێگر بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامێکی باش.

جێگەی باسە قۆناغی یەکەم و دووەمی ئەم پاڵەوانێتییە لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆك بەڕێوەچوو و چەندین یانەی کوردستان بەشدارییان تیاییدا کردبوو.

